# ٣١ی ئاب کەی کارەسانە ..!!!

**شیعری : کاروان برادۆستی**

**حاڵمان زۆر شڕبوو ، سنوورمان تەسک**

**پــــەلامـــــار ئەدراین لە لایەن کەسک**

**زۆر خۆمان هێناو گەلێک خۆمان برد**

**بۆ گرتنی هەولێر هەموو شتێکمان کرد**

**کەچی شادنەبووین بە بەژنی قەڵا**

**رواندزیشمان لێ بوو بە بەڵا ..!!**

**دوای نائومێدی ، بێ دڵەڕاوکێ و بێ نیگەرانی**

**لە بۆ مانەوەو باڵا دەستبوونی سەرۆک بارزانی**

**پەنامان بردە بەر قائیدی زەرورەو ئەنفال**

**تا بمانکاتە دەستی راستی خۆی لە هەموو شیمال ..!**

**31 ی ئاب کەی کارەساتە ..؟**

**بۆ ئێوە نەهات ، بۆ ئێمە هاتە ..**

**ئا ئەوە منم ، بە سواری تانک و زرێپۆشی سەدام**

**کە لە کاتی خۆی بە بێ دواکەوتن گەیشتە فریام**

**گەیشتوومەتە بەردەم بینایەی مەجلیس وەتەنی**

**ئەو ناوە خۆشترە لە سەر زوبانمان ، وانییە ئەزبەنی ..؟!**

**راستە لەو شەڕە بینای ئەنجومەن تۆپێکی بەرکەوت**

**بەڵام گرنگ نییە ، پارتیمان سەرکەوت ..!!**

* * *

**بە سواری تانک و بە جامانەی سوور**

کەوتبوومە دوایان هەتاکوو سنوور

زیرەی زرێپۆش و نرەی دەبابە

خۆش دەهاتە گوێ وەکوو رەبابە ..!

گاردی کۆماری ، بەخێربێن بەخێر

لە سایەی ئێوە ئازادە هەولێر

سەدام دەیزانی عەمیلە جەلال

کوردستان دەبا بەرەو ئیستیقلال

قەت ناپارێزێ وەحدەی وەتەنی

لێمان دەستێنێ کەرکوکی غەنی

ئەوە فەرموودەی سەرۆک سەدامە

بۆ پێشنوێژیمان هەردەم ئیمامە ..!

لای ئەو ئێمە بووین کوردی شورەفا

خاوەنی وەعدو پەیمان و وەفا

شکستی ئێمەی بە هی خۆی زانی

بۆیە گەیشتە فریای بارزانی ..!!

*   *   *

دوێنێی نزیک بوو فرەنسۆی رەحمەتی

زۆر راشکاوانەو بێ پەردە گوتی :

بۆ پاراستنی ئەمنی بنەماڵە

31 ی ئاب تەواو حەڵاڵە..!

بەڵێ بۆ سەرۆک ، بەڵێ بۆ کاکە

خیانەتی چی ..! پیاوێکی پاکە

31 ی ئاب رۆژا مە دەرکەوت

رەقیب شکەست و پارتا مە سەرکەوت ..!